## بەرێوەچوونی کۆبوونەوەییەکی بەرین بۆ بەرێز کاك بابەشێخی حسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات لە بنکەی سەرکردایەتی







ڕۆژی شەممە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٧ی کۆچی خۆری، لە بنکەی سەرکردایەتی سازمانی خەبات لە شارۆچکەی تۆبزاوا (رزگاری) لە نزیك شاری هەولێر، کۆبوونەوەییەکی بەرین بۆ بەرێز کاك بابەشێخی حسەینی سکرتێری گشتی سازمان گیرا کە تێدا ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرەکانی سازمان ئامادە بوون.

لەو کۆبوونەوەدا بەرێز کاك بابەشێخ حسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ووتارێکی سیاسی گرینگی پێشکەش بە ئامادە بوان کرد و لە ووتارەکەیدا، بە وردی لە سەر شێوەی کاری سازمان لە سەرەتای پێك هاتنیەوە تا ئەمرۆ ئەو کەند و کۆسپانەی هاتوونە سەر ڕێگەی و ڕادەی پێش کەوتن و گەشە سەندن و هەروەها بەرنامەی کاریی بۆ داهاتووی سازمان لە پێناو زیاتر گەشە سەندنی دا، چەندین پێشنیار و ڕێنوێنی بە ئامادە بووان گەیاند.

سکرتێری گشتی سازمان لە سەر وەزعی سیاسی ناوچەکە و سیاسەتە دواکەوتوو و دۆراوەکانی ڕژیم لە ئێران و ناوچەکە و جیهان قسەی کرد و گووتی ڕژیمی ئاخوندی دوو ڕێگەی لە بەردەم دایە، ڕێگەییێك کە پێ ملی ویست و داواکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ و ماف و ئازادیەکان بۆ خەڵك دابین بکا، هەروەها داواکانی کۆمەڵگەی جیهانی جێ بە جێ کەن و دەست لە بەرنامە ناوکەییەکانی کە لە بنەڕەتدا بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیە، هەڵگرێ.

ڕێگەی دووهەمیش سوور بوون و بەردەوام بوونی لە سەر سەرکوت و ئازاردان و ئێعدامی خەڵك و ئازادیخوازان و هەروەها سوور بوون لە سەر پەرەپێدانی گەڵاڵە ئەتۆمیەکانی.

سکرتێری گشتی سازمان روونی کردەوە، ئەو سیستمە دەسەڵاتداریەی ڕژیمی ئاخوندی هەیەتی و بەو سیاسەتانەی کە ماوەی ٣٠ ساڵە لە ئێران پەیرەوی دەکا، هیچ کات چاوەڕوان ناکرێ ئەو ڕژیمە دەست لە کەللە ڕەقی لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانی هەڵگرێ و ئازادی بۆ خەڵك دابین بکا.

هەر بۆیە ڕژیمی ئاخوندی وەك هەمیشە سەرکوتی خەڵك درێژە پێ دەدا کە درێژەدان بەو سەرکوت و چەوسانەوەیە دەبێتە هۆی بێزاری زیاتری جەماوەری ئێران و سەرئەنجام ڕاپەڕینی خەڵك رووخانی ئەو ڕژیمەی بە دوادا دێ.